

# يادى كۆچى دووايى هونه رمه ند ئازاد خانه قينى له ستۆكهولم.

به هاوكارى كۆميته ى ئاوه دان كردنه وه ى خانه قين و خانه قينيه كانى دانيشتووى سويد و به ئاماده بوونى دۆستان و هونه رمه ندان و عاشقانى ده نگى هونه رمه ند ئازاد خانه قينى ڕۆژى يه ك شه مه به روارى 7–5–2006 ماته مينێكى شكۆدار به رز سازدرا.

به رنامه كه پاش وه ستان ده قه يه ك بۆ گيانى پاكى كاك ئازاد وهه موو شه هيدانى كورد و كوردستان بريتى بوو له گه شتێك ده رباره ى ژيانى تايبه تى و پێشمه رگايه تى ،موزيكى ،ئه ده بى هونه رمه ندى كۆچ كردوو .

جگه له پرسه و سه ره خۆشى حيزب و ريكخراوه كان ،ئاماده بووان گوێيان له ڕيپۆرتاژيك گرت كه هونه رمه ند جانى ديلان له ڕاديۆى ده نگى ئه مه ريكا – به شى كوردى ئاماده ى كردبوو باسى بيره وه رى خۆى و كۆچ كردوو ده كات .

له ميانه ى ماته مينه كه دا زۆربه ى ئه و شيعرانه خوێندرايه وه كه هونه رمه ند ى ئازاد خانه قينى به زاراوه ى كه لهوڕى نووسيبووى له كات وجێگاى جيا جيادا .هه روه ها ئه و بابه تانه خوێندرايه كه نووسه ران و ئه ديبان و دۆستانى كاك ئازاد له ڕۆژنامه و سايته كانى ئينته رنێت بلاويان كردبووه وه.

به نا وى بنه ماله ى كاك ئازاد و دۆستانى سوپاسى ئه وانه ده كه ين كه به شداربوون له گه لماندا له م ماته مينه دا به تايبه ت كه نالى ئاسمانى ڕۆژهه لاتى (Rojhelat) خۆشه ويست و كارمه نده كانى .

ئارى كاكه يى / ستۆكهۆلم 2006/5/7

arikaki@hotmail.com